# با چیتر باوەڕ بە بەڵێنەکانی ئەمریکا نەکەین

2005.1.8

مەلا حەسەن لە بابەتێکدا لە ژێر ناونیشانی (با چیتر باوەڕ بە بەڵێنەکانی ئەمریکا نەکەین) دەڵێ: چەند رۆژێ پێش ئێستا ئارمیتاجی بریکاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی کوردستانی کردو، لە هاوینە هەواری (پیرمام) لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی کۆبووەوەو دوایش کۆنگرە رۆژنامەوانیێکی هاوبەشیان رێک خست، لەم کۆنگرەیەدا ئارمیتاج جارێکی دیکە، کۆمەڵە بەڵێنێکی بەگەلی کوردستان دایەوە.

کە پێش کاتی هەڵبژاردنی چاوەڕێ کراو کێشەکانی شاری کەرکووک و دەوروبەری چارەسەر دەکرێت و بواری دەنگدان بۆ هەموو خەڵکی عێراق بە تایبەتی ئەو کوردانە لەم دوایانەدا بۆ کەرکووک گەڕاونەتەوە ساز دەکرێ.

پێشەکی بە چاکی دەزانم ئاماژە بەو راستییە بکەم کە ئارمیتاج یەکەم بەرپرسی ئەمەریکی نییە لەم جۆرە بەڵێنانە بەم گەلە بدات. بەڵام لەڕووی کردەیی تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا، چ لەسەردەمی بریمەر چ دوای رۆیشتنی ئەم بەرپرسە فێڵبازە، لەبارەی چارەسەرکردنی بەعەرەب کردنی شاری کەرکووک و دەوروبەری و خانەقین و ژەنگار و ناوچەکانی تری کوردستان کە بەر شاڵاوی بەعەرەب کردن کەوتبوون هیچی نەکردووە، بەپێچەوانەوە ئەمەریکاییەکان و بەرپرسە سەربازییەکانیان هانی عەرەبە هاوردەکانیان دەدا بۆ مانەوە لە جێگاکانی خۆیان لە کوردستاندا، بەبیانی ئەوەی لە وڵاتانی دیموکراتیدا هاونیشتمانی بۆی هەیە لەهەر کوێی وڵاتەکەدا جێنشین ببێت.
لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: دیارە ئەمەریکاییەکان کە کیشوەری ئەمەریکای باکووریان داگیر کرد، دانیشتوانی رەسەنی ئەم وڵاتەیان قەڵاچۆ کرد، بەلایانەوە گرنگ نییە لە عێراقیش کورد قەڵاچۆ بکرێت، بەڵکو هەستی نەتەوەییان زۆر لاوازە، چونکە ئەوان خۆیان نازانن بنەچەیان لەچ نەتەوەیەکە، بۆیە بەلایانەوە گرنگ نییە کورد لە کەرکووک و کۆمەڵە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان دەربەدەر بکرێ، ئەمەش وێڕای ئەوەی کە دیارە بەرپرسە ئەمەریکاییەکان تا سنوورێکی هەست پێکراوە دەیانەوێ دەوڵەتە عەرەبییە رەگەز پەرستەکان و دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان، لەخۆیان رازی بکەن، کە وەکو ئاشکرایە ئەم دەوڵەتانە دژی هەموو مافێکی نەتەوەیی رەوای گەلی کوردستانن، بەبۆچوونی خۆم ئەمانە هۆکاری ئەو رێبازە سیاسیە چەوتانەن کە ئەمەریکاییەکان لە عێراق پەیڕەوی دەکەن، بێجگە لە گیانی لەخۆبایی بوون و خۆ بەزل زانین لەلای بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا و چینە سەرمایەدارە کۆمپیرادۆرەکەی کە خۆیان لە سەرووی گەلانی دیکەی ئەم جیهانە دەبینن و دەیانەوێ شێوە ژیانی خۆیان بەسەر هەموو گەل و نەتەوەکانی سەرداوی زەویدا بسەپێنن.

من لەم نووسینەمدا، بەلامەوە راست نییە سەرکردایەتی سیاسی کورد دژایەتی ئەمەریکا بکات، بەڵام بە پێویستی دەزانم کە بە قسەو بەڵێنە لووسەکانی هەڵنەخەڵەتی و، پشتی خۆی بە پلەی یەکەم بە جەماوەرەکەی خۆی ببەستێ، ئەو جەماوەرە لەسەر خەباتی ئاشتیانەی جەماوەری رابهێنێ، بە پێویستی دەزانم کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رەوای پارێزگای کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و جەلاولاو سەعدیە و مەخمورو ژەنگار و شێخان و ناوچەکانی دیکە، خۆپیشاندانی جەماوەری رێک بخەین و بیرێک لە مانگرتنی کۆمەڵانی فراوانی خەڵک بکەینەوە و کوردەکانی هەندەران هان بدەین کە ئەوانیش خۆپیشاندان ساز بکەن بە هاوکاری لەگەل چەپەکانی ئەو وڵاتانەی لێی دەژین، بە کردەووەیەش کاری وا بکەین کە جەماوەری کوردستان متمانە بە سەر کردایەتی سیاسی خۆی نوێ بکاتەوە، چونکە وا هەست دەکەم ئەم متمانەیە ئێستا لاوازە بە گوێرەی بەڵێنەکانی ئەمەریکاش بەپێویستی دەزانم کە دێن و بەڵێنی لووس و نەرم بەسەرکردایەتی سیاسی دەدەن، داوایان لێ بکەین ئەم بەڵێنانە لە بەڵگەنامەی هاوبەشدا تۆمار بکرێ، بۆ نموونە دەبوایە ئەو بەڵێنانەی ئەو رۆژە ئارمیتاج بە کاک مەسعودی دا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی نەبوایە، بەڵکو لە بەیاننامەیەکی هاوبەش بوایە کە هەر دوو بەرێز مام جەلال و کاک مەسعود لە لایەنی کوردەوە و ئارمێتاجیش لە بریتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، مۆریان بکردایە.

Jan 09 2005 13:40 ,